

# ستراني بزن


**حەسەن بەلاسم**

**لە عەرەبییەوە: تاهیر عەبدولواحید**

tahercen@yahoo.com


ئاپۆرایەکی گەورەی خەڵک ڕیزیان بەستبوو، لە چاوەڕوانیی ئەوەدابوون هەتا هەریەکەیان چیرۆکی ژیانی خۆی بگێڕێتەوە، پۆلیسەکانیش لە هەوڵی ئەوەدابوون بۆئەوەی بارودۆخەکە ڕێکبخەن. ئەو شەقامە گشتییەی بە تەنیشت ئاپارتمانی ئێزگەکەوە بوو، بە ڕووی جوڵەی ماشێنەکاندا داخرا، فرۆشیارە دەستگێڕو جگەرەفرۆشە گەڕۆکەکان بەو ناوەدا بڵاوبوونەوە، ترسێکی زۆریش لەوە هەبوو کە تیرۆرستێک خۆی بخزێنێتە نێو خەڵکەکەوەو هەموو ئەم چیرۆکانە بکاتە ئاوێتەیەک لە گۆشت و ئاگر.

ئێزگەی (بیرەوەری) لە دوای کەوتنی دیکتاتۆرەوە دامەزرا، هەر لە سەرەتای کارکردنیشییەوە بەڕێوەبەرانی ئەو ئێزگەیە، ڕێچکەیەکی دۆکیۆمێنتییان بۆ پرۆگرامەکانی دەستنیشانکردبوو، ئیتر نە پانۆرامای هەواڵەکان، نە گۆرانیی تیادا نەدەبیسترا، بە تەنهاو تەنها، راپۆرتی دۆکیۆمێنتی و ئەو بەرنامانەی هەڵکۆڵینیان لە ڕابوردووی وڵاتدا دەکرد تیایدا پەخش دەکران. ئێزگەکە ناوبانگێکی فراوانی بەدەستهێنا. ئەویش دوای ئەوەی، هەواڵی تۆمارکردنی بەرنامەیەکی نوێیان بڵاوکردەوە بەناونیشانی (چیرۆکەکانیان بە دەنگی خۆیان). ئاپۆرای خەڵک لە هەموو لایەکی وڵاتەوە، ڕوویان لە ئاپارتمانی ئێزگەکە کرد. بیرۆکەیەکی زۆر سادەو ئاسان بوو: هەڵبژاردنی چیرۆکی ژیانی کۆمەڵە خەڵکێک و تۆمارکردنیان بە دەنگی خاوەنەکانیان، بێ ئەوەی ناوی راستەقینەی کەسەکان بهێنرێت. دواتر گوێگرەکان، باشترین سێ چیرۆکیان لێ دەستنیشان دەکردو خەڵاتێکی مادیی بەنرخ لە چاوەڕوانیاندابوو...

.....

دوای چەرمەسەرییەکی زۆر، هەرچۆنێک بوو توانیم فۆرمی خۆپاڵاوتنەکە پڕبکەمەوە و بگەمە نێو ئاپارتمانی ئێزگەکە. بۆ زیاتر لە جارێکیش تووشی دەنگەدەنگ هاتم، بەهۆی قەرەباڵغییەکەوە. پیرو گەنج و هەرزەکار، فەرمانبەرو خوێندکارو بێکار، ئەمانە هەموویان بۆ ئەوە هاتبوون هەتا چیرۆکەکانی ژیانیان بگێڕنەوە..

زیاتر لە چوار کاتژمێر، لەژێر بارانەکەدا چاوەڕێمان کرد. هەندێک لەوانەی کە هاتبوون نهێنیپارێز بوون، هەندێکیشیان شانازییان بە چیرۆکەکانی خۆیانەوە دەکرد. پیاوێکم بینی هەردوو قوڵی لەدەستدابوو، ڕیشە درێژەکەی لە ناوکی نزیکبووبووەوە. بەشێوەی پەیکەرێکی یۆنانی داخوراو، نغرۆی بیرکردنەوەکانی خۆی بووبوو. تێبینیی دڵەڕاوکێی ئەو گەنجە قەشەنگەم کرد کە لەتەکیا بوو، شیوعییەک کە لە حەفتاکاندا، لە زیندانەکانی بەعسدا ئەشکەنجە درابوو، پێی وتم کە ئەو پیاوە ڕیش درێژە، چیرۆکێکی هێندە سەرنجڕاکێشی هەیە، دەشێت خەڵات بەدەست بهێنێت. بەڵام ئەو بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتەکە نەهاتووە، ئەو بەتەنها شێتێکە، بەڵام ئەوەی کە لەتەکیا هاتووە، یەکێکە لە کەسە نزیکەکانی خۆی، مرخی لە خەڵاتەکە خۆشکردووە. ئەو پیاوە ڕیش درێژە مامۆستایە، ڕۆژێک دەچێتە پۆلیسخانە، هەتا سکاڵاو هەواڵ لەسەر دراوسێکەی بدات بە پۆلیس، چونکە ئەو سەرقاڵی بازرگانیکردن بووە بە شوێنەوارە دزراوەکانی نێو مۆزەخانە. پۆلیسخانە سوپاسی دەکەن بۆ ئەو هاوکارییە، مامۆستاش بەم هەڵوێستەی ویژدانی خۆی ئاسوودە دەکات، دەگەڕێتەوە بۆ قوتابخانەکەی، دەزگای پۆلیس ڕاپۆرتێک بۆ وەزارەتی بەرگری بەرزدەکاتەوە، تیایدا باس لەوە دەکات کە ماڵی ئەو مامۆستایە، لانەی ڕێکخراوی (قاعیدە)یە. دەزگای پۆلیس خۆیان هاوبەشی قاچاچیی شوێنەوارەکە بوون، وەزارەتی بەرگری، ڕاپۆرتی خۆی ئاڕاستەی سوپای ئەمریکا دەکات، کە لەوکاتانەدا کۆپتەرەکانیان بە ئاسمانی شاری بەغدادا دەسوڕانەوە، کۆپتەرەکان ماڵەکەی بۆردومان دەکەن. ژنەکەی لەگەڵ چوار منداڵی و دایکە بەتەمەنەکەی تیایدا دەکوژرێن. مامۆستا لە مردن دەربازی دەبێت، بەڵام عەقڵی لەکاردەکەوێت و هەردوو قوڵی لەدەست دەدات...



# دەق

منیش وەک خۆم، زیاتر لە بیست چیرۆک لەسەرمدا، سەبارەت بە ساڵانی دووروودرێژی دیلێتیم لە ئێران، دەهەژێت. دڵنیابووم لەوەی کە لانی کەم یەکێکیان بە هەقیقی، دەبێتە بۆمبی کێبڕکێکە.

...

یەکەم کۆمەڵە خەڵکیان کردە ژوورەوە، دواتر ئاپۆراکەی دەرەوەیان ئاگادارکردەوە لەوەی کە چیتر بۆ ئەمڕۆ داواکاریی بەشداریکردن وەرناگیرێت. ئێمە زیاتر لە حەفتا کەس دەبووین، لە هۆڵێکی فراواندا، کە لە چێشتخانەی قوتابیانی کۆلیژەکان دەچوو، دایاننیشاندین. پیاوێک کە قاتێکی کەشخەی لەبەردابوو، ئاگاداری کردینەوە لەوەی یەکەمجار گوێ لە دوو چیرۆک دەگرین، هەتا بە سروشتی بەرنامەکە ئاشنا ببین. هەروەها باسی لە ڕێوشوێنە یاساییەکانی ئەو پەیماننامەیەش کرد، کە ئێمە لەگەڵ ئێزگەکەدا مۆری دەکەین.

...

ڕووناکییەکان هێدی هێدی خامۆشکران، بێدەنگی بەشێوەیەک باڵی بەسەر ئەو شوێنەدا کێشا، دەتوت لەنێو هۆڵی سینەما دانیشتوین، زۆرێک لە بەشداربووان جگەرەکانیان پێکرد، لەنێو هەورێکی چڕی دووکەڵی سیگارەکاندا نغرۆبووین. گوێمان ڕادێرا بۆ چیرۆکی ژنێکی گەنج، دەنگی ئەومان لە هەموو گۆشەیەکی هۆڵەکەوە بێ خەوش دەهاتە بەرگوێ. گوێمان گرت لە گێڕانەوەی چیرۆکی مێردە پۆلیسەکەی، کە گروپێکی ئیسلامی لەکاتی شەڕی تایەفەگەریدا، بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ دەیڕفێنن. چۆن دواتر بکوژەکان، تەرمەکەی بە بۆنکردوویی و بە بێ سەر دەگەڕێننەوە بۆیان.. ئەوکاتەی ڕووناکییەکان داگیرسانەوە و هۆڵەکە ڕۆشن بووەوە، غەڵبەغەڵب پەیدابوو. هەموویان پێکەوە، لەیەک کاتدا شێوەی دەنگی ئاپۆرای ژەنگەسوورەکان، دەنگیان دەهاتە بەرگوێ. زۆرێکیان گاڵتەیان بە چیرۆکی ئەو ئافرەتە دەکرد. دەیانوت، ئەوان چیرۆکگەلێکی زۆر نامۆترو دڵڕەقانەترو شێتانەتریان هەیە. پیرەمێردێک کە تەمەنی نزیک لە نەوەدساڵ دەبوو، بە گاڵتەجاڕییەوە دەستی ڕادەوەشان و لەبەخۆیەوە بۆڵەی دەکرد: کەی ئەوە قسەیە؟ گەر حیکایەتی خۆم بۆ بەرد بگێڕمەوە.. لەداخا لەتوپەت دەبێت.

...

پیاوە ڕێکپۆشەکە جارێکی تر پەیدابووەوە، داوای لە بەشداربووان کرد هێمنی بپارێزن. بە چەند وشەیەک ئەوەی ڕوونکردەوە، کە باشترین چیرۆک ئەو چیرۆکانە نین، زۆرترین ترس و غەم لەخۆبگرن، بەڵکو گرنگ ڕاستگۆیی و شێوازی گێڕانەوەکەیەتی. هەروەها وتی: گرنگیش نییە چیرۆکەکان بە تەنها تایبەت بن بە جەنگ و کوشتار..

من بێزاربووم لەو قسەیە. ئەوەی من تێبینیم کرد، زۆرینەی بەشداربووان گوێیان بە قسەکانی ئەو پیاوە نەئەدا.

پیاوێک کە هێندەی فیلێک دەبوو، بە گوێمدا چرپاندی: ئەوەی ئەو پیاوە بۆینباخ لەملە دەیڵێت، ترلێدانە. کێشەکان هەر ئەوانەن کە باس دەکرێن. ئیتر یان باشە یان ترلێدانە.

...

ڕووناکییەکە دووبارە خامۆشکرایەوە، گوێمان لە چیرۆکی دووهەم گرت.

...

ئاشکرایان کرد کە بە درێژایی هەفتەیەک، گوی



دەرخواردی من داوە. لەگەڵ برنج و هەریسەی پەتاتەو شۆربا، بۆی تێکەڵ کردبووم. من ئەوکات منداڵێکی ڕەنگپەڕیوی سێ ساڵان بووم. هەرچەندە باوکیشم هەڕەشەی ئەوەی لێ کرد، کە تەڵاقی دەدات، بەڵام ئەو گوێی پێ نەدا. ئەو بۆ هەتایی، دڵی بوو بە بەرد بەرامبەرم. نە ئەو لەو کردارەی من خۆش بوو، نە منیش دڵڕەقییەکانی ئەوم لەیادکرد. ئەوکاتەی کە ئەو بە شێرپەنجەی منداڵدان کۆچی دوایی کردبوو، گەردەلوولەکانی ژیان، منیان زۆر دوور لەگەڵ خۆیان هەڵگرتبوو. من دوای ڕووداوی بەرمیلەکان، لە ترساندا تێکشکاو و ملکەچ و دۆشداماو وڵاتم جێهێشت. ئەو شەوە ماڵئاواییم لە باوکم کرد، تا سەرقەبرانەکە لەتەکما هات. هەردووکمان سورەتێکی فاتیحەمان لەسەر گۆڕی مامم خوێند، باوەشمان کرد بە یەکداو بەستەیەک پارەی خستە نێو دەستمەوە. منیش دەستیم ماچکردو ونبووم.

ئێمە لە گەڕەکێکی هەژارنشینی شاری کەرکوک دەژیاین، ئەو گەڕەکە ئاوەڕۆی نەبوو. خەڵکی لە تەنیشت ماڵەکانی خۆیانەوە چاڵە گوویان دروستکردبوو، کە بڕی سێ دیناری ئەوکاتەی تێدەچوو. ئەو پیاوە کوردەی کە ناوی «نەوزاد»ی سەوزەفرۆش بوو، تایبەتمەندبوو لە هەڵکەندنی چاڵە گووەکان. ئەو دەمەی نەوزاد مرد، «مستەفا»ی کوڕی ئەو کارەی گرتەدەست. پاش ئەوەی شەوێک دوکانەکەی ئاگری تێبەربووبوو، خەڵک نەوزادیان لەنێو دوکانەکەی بە سوتاوی دۆزیبووەوە. کەس نەیدەزانی ئەو شەوە نەوزاد خەریکی چی بووە لەنێو دوکانەکەیدا؟! هەندێکیان باسیان لەوەدەکرد، کە خەریکی حەشیشەکێشان بووە. باوکم باوەڕی بەو قسانە نەدەهێنا. ئەو بۆ هەموو شێوە کارەساتەکان حیکمەتێکی باوی خۆی هەبوو، کە دەیوت: (هەموو شتێک لەناوچاوانمان نووسراوە لەم دونیا فانییەدا). منیش لە منداڵیمدا هەر بەوشێوەیە، باوەڕم وابوو کە ژیانی ئێمە لەنێو کتێبی قوتابخانەو فرۆشگەی ڕۆژنامەکاندا کەڵەکە بووە. باوکم بە هەموو پاکێتی و خۆشەویستیی خۆیەوە ئەیویست ژیانی منداڵیی من بپارێزێت. ئەو بەشێوەیەک سوپاسگوزاری خەڵک و ژیان بوو، منی بە درێژایی ڕۆژ واقوڕماو کردبوو. ئەو بەشێوەی قەشەیەک دەچوو لەنێو کەوڵخانەی ئادەمیزادەکاندا. کارەساتەکان هەر دووساڵ جارێک دائەبارینە سەرمان، بەڵام ئەم باوکە نەیئەویست باوەڕبهێنێت بە نەفرەتێکی ئاڵۆزی لەوشێوەیە، کە زەمەن لەگەڵ خۆی بۆمانی دەهێنا. ئەویش بەردەوام دەیگەڕاندەوە بۆ چارەنووسێک کە دیاریکراوە بۆمان. ئێمە لە هەموو لایەکەوە ڕووبەڕووی دابارین و بۆردومان دەبووینەوە. لە نادیارو لە واقیعەوە، لە خواوە، لە خەڵکەوە، تەنانەت مردووەکانیش ئەشکەنجەیان بەسەردا دادەباراندین. باوکم بە هەموو شێوەیەک هەوڵی دەدا تاوانەکەم پەردەپۆش بکات، لانی کەم لە یادەوەریی دایکما بیسڕێتەوە، بەڵام شکستی هێنا، دواجار خۆی دایە دەست قەدەرو ئەو کارەی بۆ بەرداشی زەمەن جێهێشت. پێی وابوو کە زەمەن لەوانەیە کارەساتەکانمان لێ دووربخاتەوە.

...

پێدەچێت من بچوکترین بکوژی ئەم جیهانەبم. بکوژێک کە هیچ دەربارەی تاوانەکەی خۆی بیرناکەوێتەوە. کە لای من چیدی نەبوو جگە لە حیکایەتێک. حیکایەتێک بۆ کات بەسەربردنی





## دەق

خەڵکی، لە هەموو ساتەکاندا. ئەوەش کە من تێبینیم دەکرد، هەرکەسێک بە ئارەزووی خۆی، چیرۆکی تاوانەکەی منی دەنووسی، ئاوازی بۆ دادەناو دەیوتەوە.. ئەوکات باوکم هێشتا بە دروستکردنی ترشیاتەوە سەرقاڵ نەبوو، ئەو لەو ساتانەدا شۆفیری تانکیی سەربازی بوو. جەنگیش لە ساڵی یەکەمیدا بەرێوەدەچوو. دایکم بەردەوام داوای ئەوەی لە باوکم هەبوو هەتا مناڵی سێهەم بهێننە ژیانەوە. بەڵام باوکم لە ترس و تۆقینی خۆی بەرامبەر جەنگ، بەردەوام ئەو داوایەی دایکمی ڕەت دەکردەوە. ژیانمان بەشێوەیەکی ئاسایی دەگوزەرا. باوکم مانگانە بڕە پارەیەکی بۆ دەناردینەوە، کە بەشی خواردن و جلوبەرگ و کرێ خانووەکەی دەکردین. دایکیشم کاتەکانی خۆی بە خەوتن، یان بە سەردانی ئامۆژنم بۆ باس و خواس دەربارەی نرخی قوماش و کەرتڕیی پیاوان بەسەردەبرد.

لە هاویناندا دایکم دەگەڕایەوە نێو مەملەتی خەونەکانی. نە ئەیبیست، نە قسەی ئەکرد، تەنانەت نەشیدەبینی. دایکم گەرما ڕۆحی دەتواندەوە.

هەموو نیوەڕوانێک خۆی دەشۆرد، لە ژوورەکەیدا بەشێوەی پەرییەکی مردوو، بە ڕووتی دەخەوت. ئەو کاتانەی کە شەویش دادەهات، هەروەک ئەوەی لە بێئاگایی پێشتری ڕابووبێتەوە، تەواوی چالاکیی بۆ دەگەڕایەوە.. ئەوکات ئەو تەماشای چیرۆکە تەلەفزیۆنییەکان و پرۆگرامی بەخشینی نیشانەی ئازایەتیی بە جەنگاوەرە پاڵەوانەکان دەکرد، کە لەلایەن سەرۆکەوە پێیان دەبەخشرا. زۆرجار خەیاڵیشی بۆ ئەوە دەچوو، کە خۆزگە جارێک باوکیشم لە نێویاندا دەربکەوێت.

...

لەنیوەڕۆی یەکێک لە ڕۆژە گەرمەکاندا، دایکم هەردوو قاچی و باڵەکانی کردبووەوە بۆ هەوای پانکە سەقفییەکە، چاوەکانی لێکنا. من و برا بچوکەکەم، کە ساڵێک لە خۆم مناڵتربوو، خۆمان گەیاندە حەوشەکە. حەوشەی ماڵەکەمان بەس دارهەنجیرێکی تەنهاو هەتیو، لەگەڵ چاڵە گوویەکی تیابوو. دێتەوە یادم هەرجارێک کەسێکی نزیکمان لێ بمردایە، یان کارەساتێکمان بەسەربهاتایە دایکم لەژێر ئەو دارهەنجیرەدا دەگریا..

دەمی چاڵە گووەکە بە سینییەکی کۆن و گەورەی خواردن، کە بەردێکی گەورەی لەسەربوو، داپۆشرابوو. من و براکەشم زۆر بە ناڕەحەتی لامان دەبرد، دواتر وردەبەردمان فڕێدەدایە ناو چاڵەکەوە، ئەوە خۆشترین یاری بوو لای ئێمە. دایکی عەلا کە دراوسێمان بوو، زۆرجار بەلەمی کاغەزینی بۆ دروست دەکردین، ئێمەش فڕێمان دەدایە سەر دەریاچەی گووایی ناو چاڵەکە..

...

وتیان من براکەمم هەڵداوەتە نێو چاڵە گووەکەوەو دواتر ڕامکردووەتە سەربان. لەنێو قەفەزی مریشکەکان خۆم حەشارداوە. کە گەورەبووم پێم وتن: پێدەچێت خۆی کەوتبێتە نێو چاڵەکەوە، منیش لە ترساندا هەڵهاتبێتم! ئەوان وتیان: تۆ بۆخۆت دانت پێدانا. پێدەچێت ئەوکات ئەوانیش شێوەی پۆلیسەکانی دیکتاتۆر، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردبێتم. من هیچیم بیرناکەوێتەوە. بەڵام ئەوان باسی لێوە دەکەن و دەیگێڕنەوە. هەروەک چۆن چێژ لە فیلمێک وەرگرن.. تەواوی دراوسێکانمان بەشداریی کەرنەڤاڵی دۆزەخی چاڵە گووەکەیان کردبوو. هەوڵێکی زۆریان دابوو، بەڵام



ئەو ماشێنە لوشدەرەیان نەدۆزیبووەوە، کە مانگی جارێک دەهات، بۆ بەتاڵکردنەوەی چاڵەکان. ئەوان پەنایان بۆ هەموو شتێک بردبوو، بۆ مەنجەڵ و قاپی جۆراوجۆر، سەتڵی گەورە، تا چاڵە گووەکە بەتاڵ بکەنەوە. لەوکاتەدا ئەوە کارێکی سەخت و قێزەون بووبوو. هەروەک چۆن بڵێی دیمەنی ئەشکەنجەدانێک بووبێت بە جوڵەیەکی خاوکراوە. گەرمای ئەو ساتانەو بۆگەنی پیساییەکە ماندوێتی و قورسایی هێدمەکەی دووبەرابەر کردبوو.. پێش خۆرهەڵاتن، وەک مناڵێک کە کفنەکەی، یەک پارچە لە گوو بێت، دەریان هێنا.. باوکم لە شەرگەکانەوە درەنگ گەڕایەوە. مامم نامەیەکی بۆ ناردو خۆی بەرپرسیارێتی مەراسیمی بەخاکسپاردنی براکەمی لەئەستۆگرت. لە گۆڕستانی مناڵان، لەسەر گردێک بەخاکمان سپارد. پێدەچێت ئەوە جوانترین گۆڕستانی دونیا بووبێت. بەهاران لەوێ، هەموو جۆر و هەموو ڕەنگە گوڵێکی کێویی لێ دەڕوا. ئەو گۆڕستانە لە دوورەوە وا دەهاتە بەرچاو، کە درەختێکی زەبەلاحی ڕەنگاوڕەنگ بێت. گۆڕستانێک بەرامەکەی هێند بەهێزبوو، بە پانتایی دە هەزار مەتر بڵاودەبووەوە. هەفتەیەک دوای ئەوە دایکی عەلای دراوسێمان پاڵی بە دەرگاکەمانەوە نابوو، دایکمی بینیبوو، وڕوکاس، لە سەختیی غەمناکیی خۆیدا، قاپێکی پڕ کردووە لە گووی نێو چاڵەکە، بە خاوی و بە کەوچکێکی پلاستیکی تێکەڵی خواردنی کردووە، بەدەم گریان و فرمێسکڕشتنەوە دەرخواردی منی داوە.

باوکم ناردمی بۆ ماڵی مامم، هەتا لەوێ ژیان بەسەربەرم. بەم شێوەیە بوومە پەنابەرێک، بەڵام لە تایپێکی تر. من هەموو ڕۆژانێکی هەینی دەبوومەوە بە میوان لە ماڵی خۆماندا. هەرجارێک دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە ئامۆژنم بۆ چاودێریکردنی دایکم، لەتەکما دەهات. من لەو نێوەندەدا بووبوومە فوتباڵێک و شەقشەقێنیان پێ دەکردم. بەمجۆرە شەش ساڵ تێپەڕی و منیش لە هەوڵی ئەوەدابووم بەئاگابێمەوەو بزانم لە دەوروبەرم چی دەگوزەرێت؟! بەلامەوە گرنگ بوو فێربم و بزانم، کە هەست و وشەکانی ئەوان، لێشاوی پشکۆکانی نێو گەردنم مانابەخشی چین؟! من بەسەر ڕێچکەیەک لە چەقۆدا گاگۆڵکێم دەکرد، چاڵە گووەکەش بووبووە فۆبیای ژیانی من. لە چەندین بۆنەدا بیستبووم کە ژیان بەرەوپێش دەڕوات، گوزەر دەکات، بەناو شەپۆلەکاندا ڕێدەکات، یان پێدەچێت خشۆکانە بەرەوپێش بڕوات. ژیانی ئێمەش شێوەی یارییە ئاگرینەکان، لە ئاسمانی خودای چارەنووسسازو بۆردومانکەری مەزندا پەرشوبڵاو دەبووەوەو دەتەقییەوە.

ساڵەکانی تەمەنی مناڵی و هەرزەکاریم بەشێوەی نیشانگرەوەیەکی نێو تاریکی، بە چاودێریکردنی هەمووانەوە بەسەرم برد. چاودێریم دەکردو دەستم دەوەشاند. دەستم لە دێوەزمەکانی ژیانم، دێوەزمەکانی تر دەوەشاند. ئەو دێوەزمانەش کە لە خەیاڵی خۆمدا دروستم کردبوون..

لە زیهنی خۆمدا دیمەنگەلێی وەهام دروست دەکرد، کە تیایاندا ئەشکەنجەی دایکم و ئەوانی ترم دەدا.لەنێو پەڕاوێکی خوێندنی قوتابخانەدا وێنەی چەند ئۆتۆمبیلێکی بارهەڵگری زەبەلاحم کێشابوو، کە سەری مناڵەکانی دەپلیشاندەوە، تا ئێستاش ئەو وێنەیەی سەرۆکم لە یادە، کە لەسەر بەرگی پەڕاوەکە چاپکرابوو، تیایدا قاتێکی سەربازیی پۆشیبوو، زەردەخەنەی دەکرد. لە خوار



# دەق

وێنەکەشەوە نووسرابوو (چ پێنووس و چ تفەنگ، یەک دەمیان هەیە)..

گالیسکەیەکی نەوتفرۆشتن هەبوو، زستانان دەهاتە کۆڵانەکانی گەڕەکەوە، گوێدرێژێک بەدوای خۆیدا رایدەکێشا. منداڵان دوای گالیسکەکە دەکەوتن، لە چاوەڕوانیی ئەوەدابوون کێری ترسناکی گوێدرێژەکە ڕەپ ببێت و ببینن. من چاوەکانم دەنوقاند، لە خەیاڵدانی خۆمدا ئەو دیمەنەم دروست دەکرد، کێری رەش و ئەستووری ئەو گوێدرێژە، دەچێت بە گوێچکەی راستی دایکمدا، لە گوێچکەی چەپییەوە دێتەوە دەرێ، ئەویش لەتاو ئازاری سەختی خۆی، هاواردەکات و داوای ئەوەدەکات فریای بکەوم.

.....

ساڵێک بەرلەوەی جەنگ کۆتایی بێت، باوکم گونی و قاچی چەپی لەو جەنگەدا لەدەست دا. ئەم ڕووداوەش دایکمی ناچارکرد هەتا بڕیارب دات بگەڕێمەوە ماڵەوە. باوکیشم بڕیاری دا بچێتەوە سەر پیشەکەی باووباپیرانی، ترشیات دروستکردن.. وا دەگێڕنەوە کە باپیرەم بەناوبانگترین ترشیاتچیی شاری نەجەف بووە. ئەوکات خودی پادشا سێ جار سەردانی دوکانەکەی کردووە.. من گەڕامەوە ماڵەوە، بوومە دەست و قاچ و خزمەتکاری گوێڕایەڵی باوکم. من خۆشحاڵبووم، چونکە باوکم سەرباری هەموو ئەو سەختییانەی چەشتبوونی، هێشتا موعجیزەیەک بوو لە دەست و دڵپاکی. ئەو دڵسۆزبوو بۆ ڕۆحی خۆی، کە نەیهێشت ئازارەکانی ژیان پیسی بکات. بە قاچێکی دەستکردەوە ئەو هێزو توانای خۆشەویستی زیاتری کرد. نازی دایکمی هەڵدەگرت، نغرۆی دەکرد لە لێشاوی دیارییەکانیدا. ملوانکەی ئاڵتوون و مستیلە، پۆشاکی ژێرەوە کە بە وێنەی گوڵ چنرابوون. باوکم حەوشەی ماڵەکەی کۆنکرێت کرد، هەر بە کۆنکرێت سەرقەپاغێکی بۆ چاڵە گووەکە دروستکرد. تەنها دەمەوانەیەکیشی بۆ قەدی دارهەنجیرەکە هێشتبووەوە، کە دواتر سوێراوی ترشیات ئەویشی وشککرد. من تەمەنم شانزە ساڵ بوو، کە دایکم بۆ دواجار لەژێریا گریا، ئەوکات حکومەتی بەغدا بۆ دروستکردنی شەقامێکی تیژڕەو گۆڕستانە کۆنەکەی تەخت کرد. گۆڕی باوکی دایکم لەوێدابوو. ماوەیەکی درێژ غەم و مەراقی لەدەستچوونی ئێسک و پروسکی باپیرەم دایگرت.

.....

حەوشەکەمان پڕبوو لە بەرمیلی پلاستیکی، کە بۆ سوێرکردنی کەرەستەکانی ترشیات بەکاردەهات. مەڵۆی کیسەی خەیار، باینجان، بیبەری سەوزو سوور، زەیتون و کەلەرم، قەرنابیت، کیسە خوێ و بەهارات و دەبەی سرکە، دۆشاوی خورما. مەنجەڵی گەورەی لێبوو، کە بەردەوام بۆ کوڵاندن بەکارمان دەهێنا. بەهارات، دواتر خەیارو ئاو و باینجان و قەرنابیت و کەلەرم و گێزەرمان تێدەکرد.. باوکم هێندەی باوکی و باپیرەی دەستڕەنگین نەبوو. زۆر شێوازی نوێی تاقی دەکردەوە. ئەو بەشێکی زۆری ژیانی لەنێو تانکەکاندا بەسەربردبوو. زۆرینەی نهێنییەکانی چۆنێتیی دروستکردنی ترشیاتی لەبیرچوبووەوە. کاری شۆفێریی تانک، کێرو گونی و پیشەی باووباپیرانی لێ سەندبووەوە.

.....

چەندین کاتژمێر لەبەردەم دایکم دادەنیشتم، پێکەوە باینجانمان لەت دەکرد، یان خەیارمان بە سیر و کەرەوز، مەحشی دەکرد. زمانی دایکم

شێوەی مار ژەهراوی بوو. چیتر هاوین ئازاری نەئەدا. ئەو بووبووە مانگایەکی قەڵەو کە هاوین پێستی سوتاندبووەوە. زمانهەراش بوو، بەردەوام جگەرەی دەکێشا. لەنێو دڵیدا گژوگیای ژەهراوی سەوزبووبوو. خەڵکیش بە وشەی ژەهراوی بەزەیی خۆیان بۆ حاڵی ئەو دەردەبڕی: گوناحە.. نە کێری بۆ ماوەتەوە، نە منالی زۆر... تەنها قەلەڕەشێک و هیچی تر..، ئەو قەلەڕەشە من بووم، کە لەگەڵ خۆیا هەموو سیمبوڵەکانی شومی و نەگبەتیی هەڵگرتبوو. باوکیشم بە درێژایی کاتەکان سەرقاڵی کاروباری حیساب بوو لەگەڵ فرۆشیارەکانی نێو بازاڕ و گواستنەوەی بەرمیلەکان، بە پیکابە کۆنەکە. دوای خۆرئاوابوون لە ماندوویێتییا دائەڕما. نانی ئێوارەی دەخوارد، نوێژی دەکرد و باسی کێشەکانی ترشیاتی بۆ دەکردین. قاچە دەستکردەکەی دائەمالی. دەچووە پێخەفەکەیەوە هەتا بە پەنجەکانی ئالۆشی ئافرەتێکی دەمەوەر دابمرکێنێتەوە..

ئەوکاتەی کە جەنگی دووهەمی کەنداو هەڵگیرسا، دەبوو من پەیوەندی بکەم بە خزمەتی سەربازییەوە. باوکم و مامم بەیەکەوە دانیشتن، هەتا لەبارەی کاروباری خزمەتی سەربازیی منەوە گفتوگۆبکەن. مامم ماڵوێرانیی شەڕگەکانی جەنگی یەکەمی نەبینیبوو، ئەو لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی مەڵبەندی شار کاری دەکرد.

باوکم بڕیاری خۆی دا: نایدەمە دەست مەرگ. چۆن ڕێگە بەخۆیان دەدەن تاقە کوڕەکەم بە کوشت بدەن؟. مامم تووشی دەمەقاڵێ بوو لەگەڵ باوکم، باسی ئەو بارودۆخەی بۆکرد کە ئەو تێی دەکەوێت لە دەزگا ئاسایشەکەی خۆی.. برازاکەی هەڵهاتووە لە خزمەتکردن بە ئاڵا، تۆ ئەتەوێت ئێمەو ئافرەتەکانیش گوللەبارانکەن؟.. باوکم هەر لەسەر هەڵوێستی خۆی بەردەوام بوو. مامم هەڕەشەی ئەوەی لێکردین، گەر بێتو پەیوەندی نەکەم بە سوپاوە، بەدەستی خۆی دەستبەسەرم دەکات. بەڵام باوکم دەریکردە دەرەوەو پێی وت: (گوێبگرە، ڕاستە من پیاوێکی بێوەیم، بەڵام ئەوە کوڕمە.. بەشێکە لە جەستەم.. گەر ئەوە بکەیت، گۆشاوگۆش سەرت دەبڕم). مامم ئەوشەوە سەرخۆشبوو. بەشێوەی گایەکی هاربوو. بەدەم جنێودانەوە جێی هێشتین. باوکم هەستاو دووڕکات نوێژی کرد، هەرزوو ئارامیی بۆ گەڕایەوە: خۆ بەدوورئەگرم لە شەیتانی نەفرەتی.. ئەو برامە.. ئەوانەشی کە وتی تەنها قسەی سەرخۆشی بوون.. من ئەیناسم.. دڵی پاکە..

شێوەی زیندانییەک، ماوەی سێ مانگ لە ماڵەوە مامەوە، پۆلیسی سەربازی و هەموو دەزگا ئاسایشییەکان شەقامەکانیان ئاخنیبوو. باوکم بڕیاری دا بە ڕۆژ کارنەکەم، هەتا دراوسێکان هەستم پێ نەکەن. شەوانە شێوەی دز، بە فانۆسێکەوە دەهاتمە حەوشە، لە پەنای کیسە باینجان و خەیار و بیبەرەکان دادەنیشتم، سەرقاڵ ئەبووم بە کارکردن و بیرکردنەوە لە ژیانی خۆم.. لە قووتویەکی بەتاڵی شیردا، عەرەق و ئاوم تێکەڵ ئەکرد، نەبادا باوکم پێم بزانێت، گەر بیزانییایە کە دەخۆمەوە، دردۆنگ دەبوو. شەوانم بە مەستی بەسەر دەبرد، مەزەی خواردنەوەکەشم هەموو جۆرێک بوو لە ترشیاتەکانی سایەق تانکەکە، کهول بە خوێنمدا بڵاودەبووەوە و وەک منال بە گاگۆڵکێ ڕووەو چاڵەکە دەچووم. گوێچکەم دەنووساند بە سەرقەپاغە کۆنکرێتییەکەیەوە، گوێم ڕادەدێرا. هەستم دەکرد پێدەکەنێت.. چاوەکانم دادەخست و لە خەیاڵمدا



## دەق

دەستم دەبرد بۆ شان و قۆڵە ڕووتەکەی، پێستی گەرمی، کە لە ئاکامی یارییەکی زۆر و ماندووبوون تاوی سەندبوو. من ڕەنگ و ڕووی ئەوم نەدەهاتەوە یاد، وێنەیەکی فۆتۆگرافیی تاک و تەنهاشی لەلای دایکم هەبوو، کە ڕێگەی بە کەس نەئەدا لێی نزیک بێتەوە. لەنێو دۆڵابی جلوبەگەکەدا حەشاری دابوو، وێنەکەی لە نێو سندوقێکی تەختەی بچووک دادەنا، کە تابلۆی تاوسێکی لەسەر کێشرابوو. لە ساتەوەختی بەرەبەیانێکی زوودا باوکم لەخەو هەڵدەستا، زۆرجار منی بە خەوتوویی لە جێگە ئیشەکەمدا دەبینییەوە. دەستی دەخستە سەر نێوچاوانم، لە ئاکامی بەریەککەوتنی دەستی ئەو، منیش بەئاگا دەهاتمەوە: (برۆ ژوورەوە کوڕەکەم... دوو رکات نوێژت بۆ دەکەم... داوا لە خوا ئەکەم سەرفرازت بکات). خۆ ئەو بێخەبەر نەبوو لەوەی کە من عەرەق دەخۆمەوە، بەڵام دینداری لەلای ئەو حەدیسەکانی پێغەمبەر و شەریعەت و تابۆکراوەکان نەبوو، بەڵکو خۆشویستنی چاکە بوو. ئەمە تێڕوانینی بەردەوامی ئەوبوو، لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە گفتوگۆیان لەگەڵ دەسازاند، سەبارەت بە باس و خواسی حەڵاڵ و حەرام و شەریعەت، هەرگیز ئەو ڕۆژەم لەیاد ناچێتەوە، کە لە گۆڕەپانی یاریی فوتبۆڵێنەکەدا، بەدەم گریانێکی بەکوڵەوە، هەرەسی هێنا. من لە مناڵەکان دەترسام، بەهۆی گریانەکەی ئەوەوە شەرم دایگرتم و تووشی شپرزەیی بووم، ڕەفیق حزبییە بەعسییەکان سێ گەنجی کوردیان لە نزیک یاریگەی فوتبۆڵێنەکە گوللەباران کرد. بەچەند دارێکەوە بەستیاننەوە، بە بەرچاوی خەڵکی گەڕەکەوە دایاننە بەر دەستڕێژی گوللە. پێشتر لە بڵندگۆکەوە بانگەوازیان کرد: (ئەم خیانەتکار و تێکدەرانە شایستەی ئەوە نین کە لە ئاو و هەوا و خێر و بێری ئەم وڵاتە بخۆن). هەروەک پیشەی بەردەوامی ڕەفیق حیزبییەکانیش، تەرمەکانیان لەگەڵ خۆیان بردو دارە خوێناوییەکانیان لە جێگەی گوللەبارانکردنەکە جێ هێشت، هەتا هەمووان ئەو ڕووداوە لە یادەوەرییاندا بمێنێتەوە. باوکم ئەوکات هات بە دوامدا، بۆئەوەی لەگەڵ خۆی بمبات بۆ هۆڵی سینەما. باوکم شەیدای فیلمە هندییەکان بوو، ئەو کاتەی لە یەکێک لەو دوو شوێنگۆڵە ڕاما، کە لایەکی کەم بوو، تێگەیشت کە ئێمە هەرسێ داری گوللەباران کراوەکانمان بردووە، ئەو دوو شوێنگۆڵەمان لێ دروست کردووە، دارەکان خوێنی وشکهەڵاتوویان پێوەبوو، باوکم ئەو کات بەدەم گریانەوە داڕما، کە گوێی لە یەکێک لە مناڵەکان بوو وتی: (مامە گیان، دارێکمان کەمە بۆ تەواوکردنی شوێنگۆڵی دووهەم، ناکرێت یەکێکی تر گوللەباران بکەن و ئێمە دارەکەی بهێنین؟!).

لە ئێوارەیەکی هاویندا جارێکی تر کەوتینەوە بەر بۆردومانی نەفرەت. مامم بە توڕەییەوە لە دەرگای دا، دایکم لەوکاتەدا پارەی دەژمارد، دەیئاخنییە شووشەیەکی بەتاڵی دۆشاوی تەماتەوە. من و باوکیشم سەرقاڵی یاریی شەترەنج بووین. باوکم زۆر بە ئاسانی دەیتوانی لێم بەرێتەوە، بەڵام ئەو خۆشحاڵدەبوو، کە دەیبینی من شاگەشکە دەبم، بە لەناوبردنی بەیدەقەکانی ئەو لە سەرەتای یارییەکەوە. هەموو بەیدەقەکانی پێشەوە و ئەوانەی تریشی، وەک قوربانی بە بێ بەرگری پێ دەبەخشیم. بە تەنها پاشا و وەزیری دەهێشتەوە. دواتر بە وەزیرە ڕەشەکەی هەموو بەیدەقەکان و ئەوانی تریشی بەدوای یەکدا لەناو دەبرد و پاشاکەمی



کشمات دەکرد.
باوکم بۆ پێشوازی لە مامم چووە حەوشە، دایکیشم سەرپۆشەکەی دا بەسەریداو بەدوایدا ڕۆیشت. هەرسێکیان نزیک لە چاڵە گووەکە ڕاوەستابوون، بە دەنگێکی نزم و بە تووڕەیی دەئاخافتن. لە پشت شووشەی پەنجەرەکەوە چاودێریم دەکردن، تووشی ژانەسەرێکی قورس بووبووم، بەهۆی خواردنەوەی شەوی ڕابوردوو، من چاوەڕێی شەوی داهاتووم دەکرد، هەتا جارێکی تر بخۆمەوە و مەست ببم. دایکم بەهەڵەداوان چووە ژێر قادرمەکان، بۆ ئەوەی شتێک لە کەلوپەلەکانی ئەوێ بهێنێت، باوکم و مامم هاوکارییان کرد لە بەتاڵکردنەوەی بەرمیلێکی پلاستیکیی پڕ لە ترشیاتی قەڕنابیت. دایکم چەکوش و بزماری بۆ هێنان، باوکیشم بەرمیلەکەی پاڵخست، بە هەڕەمەکی کۆمەڵە کونێکی بە بزمارەکە تێکرد، لەوکاتەدا باوکم قاچە دەستکردەکەی لە پێ نەکردبوو. بە قاچێکەوە، بە دەوروخولی بەرمیلەکەدا بازی دەدا، وەک بڵێی یاری، یان سەما دەکات. مامم لە بەردەمی دەرگای حەوشەدا ماشێنەکەی ڕاگرت، چەند بەرمیلێکی ترشیاتیان لێ بارکرد. باوکم هاتە ژوورەوە بۆ لام، هەموو گیانی ئارەقەی لێ دەچۆڕا: گوێ بگرە کوڕەکەم، کاتمان نەماوە، مامت زانیاریی هەیە، ئاسایش و حیزب لە بەرەبەیاندا تەواوی ماڵەکان دەپشکنن. مامت هاورێی دڵسۆزی زۆرە لە گوندی (عۆران)، چەند ڕۆژێک لەوێ دەتهێڵمەوە، تا ئەوکاتەی بارودۆخەکە ئارام دەبێتەوە.

چوومە ناو بەرمیلە بەتاڵەکەوە، دایکم سەرقەپاغەکەی نایەوە و قایمی کرد. باوکم و مامم هەڵیانگرتم بۆ ناو ماشێنەکە.. باوکم ڕاستی دەکرد!، کە ئەو برایەتی و دڵی بە باشی دەناسێت، مامم بۆ ئەوەی ژیانی من ڕزگار بکات شێتانە ماشێنەکەی دەئاژوت، توانیی بەبێ کێشە بگاتە سنووری شار، بەڵام تەواوی ئەو ڕێگەیانەی دەچوونەوە سەر شارۆچکە و گوندەکان، خاڵی پشکنینی سەربازی پاسەوانییان دەکرد. تاکە ڕێگەچارە لەبەردەم مامما ئەوەبوو بە ڕێگە لاوەکی و چۆڵەکاندا بڕوات، دواتر ڕێگەی کێڵگە گەنمەکانی خۆرهەڵاتی شاری گرتەبەر. پێدەچێت ترس و دڵەڕاوکێ ڕێگەی گونجاویان لە بیر مامم بردبێتەوە، چونکە منالیش لەو شارەدا، زنجیرە گردۆڵکە بەردین و سەختەکانی پێدەزانی، کە دەکەوتنە پشت کێڵگە گەنمەکانەوە. پێدەچوو وێنەی ئەشکەنجەدانی خەڵکی لە دەزگا ئاسایشییەکەیدا زەینیان پەرشوبڵاو کردبێتەوە. دەشێت لە خەیاڵی خۆیدا وای هەستکردبێت، کە ئاسایشەکانی دەوروبەری خۆی لەنێو حەوزی تێزابدا دەسوتێنن.. (ئەفسەرێکی ئاسایش، برازا هەڵهاتووەکەی لە نێو بەرمیلی ترشیاتدا دەربازکردوە). ئەو لە کێڵگە گەنمەکەدا بەسەر ئاژوتنی ماشێنەکەدا تەواو زاڵبوو.. چاڵوچۆڵ و تاسەی ڕێگەکە پەراسوەکانمی شکاند. ئەو تەپوتۆزەش، کە ڕۆشتنی ماشێنەکە بە دوای خۆیدا دەیهێنا، لە کونی بەرمیلەکەوە، لە بری هەوای پاک دەهاتە ژوورەوە. بۆنی ناو بەرمیلەکەش بەشێوەی بۆگەنی کەلاکی پشیلە مردارەوەبووەکانی نێو زبڵخانەکەی گەڕەک دەچوو.

بڵێی لەو کاتەدا نینۆک و چاو هەڵبکۆڵێت؟ پێستی گیراوەکان، لە ژێرزەمینەکانی دەزگای ئاسایشدا بە ئوتو هەڵقرچێنێت؟!.. نا.. لەوانەیە ڕۆحی قوربانییە ئەشکەنجەدراوەکان بەرەو کەناری مەرگیان بردبێت. لەوانەشە ئەو و ڕۆحی شەڕەنگێزی من بووبێت، یان پێدەچێت ئەو ڕۆژە بووبێت، کە هەموو

**نووسەرو شاعیرو سینەماکاری عێراقی «حەسەن بەلاسم» ساڵی ١٩٧٣ لە بەغدا لەدایک بووە. خاوەنی کۆمەڵێک کتێبی ئەلەکترۆنییە، لە بوارەکانی شیعرو چیرۆک و سینەمادا، یەکێک لە کۆمەڵە چیرۆکەکانی کراوە بە ئینگلیزی و پاڵێوراوە بۆ چەند خەلاتێکی جیهانی. لە بواری سینەماشدا خاوەنی کۆمەڵێک کورتە فیلم و فیلمی درێژە، لەوانە فیلمی (زامی کامێرا) کە بە زمانی کوردی بەرهەمهاتووە. بەلاسم ئێستا لە وڵاتی فینلەندا نیشتەجێیە.**

چارەنووسێکی دیاریکردووە، لەوەدا کە بەرەو تەواوبوونە، ئاڵۆزە، لەم دونیا ئاوابووەدا..

حەوت بەرمیل لەو تاریکییەدا، لە خوار هەڵدێرەکەوە، شێوەی حەوت ئاژەڵی نووستو داخزابوون. لەوکاتەدا کە مامم ویستبووی گردی بەردینی دووهەم ببڕێت، ماشێنەکە وەرگەڕابوو، بەرمیلەکانیش لەگەڵ ماشێنەکەدا بەرەو هەڵدێرەکە تلۆر بووبوونەوە. بێئاگا ئەو شەوەم لەناو بەرمیلەکەدا بەسەر بردبوو، لە سەرەتای بەیانیدا تیشکی خۆر لە کونەکانی بەرمیلەکەوە دەهاتنە ژورەوە. وەک بڵێی کۆمەڵە تاڵێک لە هەناسە بن، کە بۆ نووقومبووییەک درێژ کرابێتنەوە. دەمم پڕبووبوو لە خوێن. دەستەکانم دەلەرزین. من نێچیری دوانەی ئازار و ترس بووم. لەوکاتەدا دیمەنی نامۆی بەیەکداچوونی تاڵە ڕووناکییەکانی نێو بەرمیلەکە سەرنجی ڕاکێشام. من دەمویست دەرباز ببم، لەو گەڕەلاوژەیەی کە بەسەر هۆشمدا هاتبوو. لەوساتەدا وام هەست کرد تەنێک (ماریخوانا)م کێشاوە. ماسییەکی (سەردین)ی نێو قووتوم و بە ئاگا هاتوومەوە، کرمێکی مردووم لە نێو بیرێکی وشکدا، کۆرپەلەیەکی بۆگەنکردوو لە نێو منداڵدانێک لە شێوەی بەرمیل و هەموو ئێسکەکانی وردوخاش بووە..

لەو کاتەدا وێنەی برا بچوکەکەم لە زەینمدا جێگیربوو، کە بەرەو چاڵە گووەکە دەکەوێتە خوارەوە، منیش بە دوایدا نوقم دەبم.. سەرەتا باڕەباڕی بزنەکە، بە لاوازی دەهاتە بەر گوێم، وەک بڵێی تیپێکی سروود بن، پڕۆڤەی گۆرانی بکەن. بزنێک دەیباڕاند و دواتر دانەیەکی تر.. دواتریش هەموویان پێکەوە. هەروەک چۆن گەیشتبێتنە میلۆدیی گونجاو.. بەرلەوەی شوانەکە هاوار لە ڕانە بزنەکەی بکات، بزنێک قۆچێکی لە بەرمیلەکە دا، تلیدا و جولا، ڕووناکییەکە، چەقییە گلێنەی چاوم. لە ترسی دڵڕەقی و سەختیی ئەو جیهانەی کە جارێکی تر دەگەڕێمەوە بۆی، لە نێو بەرمیلەکەدا میزم کرد بە خۆمدا.

**سەرچاوە:**

آغنیة الماعز، حسن بلاسم.

www.iraqstory.com

